# ئایا دڵنیا نیت مافی مانەوەت لێرە پێدەدرێت یان نا؟

ماوەی چاوەڕوانیی پێش کردنی موساحەبەی پەنابەریی لەلای بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیانییان (UDI) تائێستاش هەر درێژە بۆ خەڵکی ئێرانیی. بۆ زانیاریی زیاتر سەیری سایتی (www.udi.no) بکە. دوای ئەوەی چاوپێکەوتن دەکەیت، (UDI) لە داخوازیینامەی پەنادانەت دەکۆڵێتەوە تا بڕیاری تیا بدات.

ئەگەر داخوازییـنامەی هێنـانی ئەنـدامی خـانەوادە بـۆ نەرویـج پێشـکەش بکەیـت، مـاوەی چـاوەڕوانیی وەڵامەکەی درێژە. تا مافی مانەوە لە نەرویجدا وەرنەگریت، ناتوانیت داخوازییـنامەی هێنـانی ئەندامی خانەوادە پێشکەش بکەیت.

ئەگەر بە نەتەوە فارسی ئێرانیت، ئەوا ئیحتیمالی زۆرە داوای پەنادانەکەت لە نەرویج ڕەت ببێتەوە.

هەرکـات بتەوێت دەتوانیت داخوازییـنامەی گەڕانەوەی پاڵپشـتییکراو پێشـکەش بکەیت بـۆ گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت، یان بۆ وڵاتێکی تر کە مافی مانەوەت تیایدا وەرگرتبێت و مافی مانەوەت تیایدا هەبێت.

دەتوانیــت یــارمەتیی مــاددی وەربگریــت ئەگەر لەلای ڕیکخــراوی نێــودەوڵەتیی کــۆچ (IOM) داخوازیینـــامەی گەڕانەوەی پاڵپشـــتییکراو پێشـــکەش بکەیـــت. یـــان بەم ژمـــارە تەلەفـــۆنە (23105320)،دەتوانیـــت پەیوەنـــدیی بە (IOM)-ەوە بکەیـــت، یـــان لەڕێـــگەی ئەم ســـایتەوە: (www.iom.no).

---

UDI

**Les mer på**

www.udi.no /